Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2203019

# هەڵسەنگاندنی کارامەییە پێویستەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان لە دیدی خوێندکارانیانەوە

حسیێن أسماعیل علی        ساندی غازی علی

بەشی دەروونناسی // کۆلێژی پەروەردە // زانکۆی گەرمیان

## Article Info

Received: April ,2022
Accepted : June,2022
Published :September ,2022

## Keywords

کارامەییە خوێندنی، خوێندنی ئەلیکترۆنی،خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان

## Corresponding Author

sandi.ghazi@garmian.edu.krd
huseen.ismailali@grmian.edu.krd

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی هەڵسەنگاندنی کارامەییە پێویستەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان لە دیدی خوێندکارانیانەوە ، بە بێ جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ ، لێکۆڵەر پشتی بە ڕێبازی وەصفی بەستووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە ، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتی بوو لە خوێندکارانی ( کۆلێژی پەروەردە ، پەروەردەی بنەڕەت ، زانستە مرۆڤایەتیەکانی \ خانەقین ، بەشی یاسا ) زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٠ – ٢٠٢١ ) ، ژمارەیان ( ٣٤٩٢ ) ، لەو ژمارەیش نموونەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی بە ڕێژەی ( ١٥ ، ٠ ./ ) بۆ خوێندکار وەرگرت ، بریتی بوو لە (٥٢٠ ) خوێندکار ، توێژەر سەرەڕای سوودوەرگرتن لە ئامرازە ئامادەکراوەکانی توێژینەوەکانی پێشتر و سەرچاوە پەروەردەییەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی ، هەستاوە بە ئەنجامدانی ڕاپرسی سەرەتایی ، لە پێناو بە دەستهێنانی زانیاری پێویست سەبارەت بە دروستکردنی فۆرمی تێبینیکردن ، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی ڕاپرسی پێشکەش بە خوێندکاران کرد ، بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی توێژەر شێوازی دوو کۆمەڵەی ئاست جیاوازی بۆ شیکردنەوەی ئاماری بڕگەکان بەکارهێناوە ، بەم شێوەیە هەستاون بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەمی بەسەر نموونەکەدا کەلە ( ١٥ ) خوێندکار پێك هاتبوون لە سنوری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیرابوون ، فۆرمەکە دابەشکرا دوای ( ١٥ ) ڕۆژ بەهەمان شێوە دابەشکرایەوە ، دواتر هێزی جیاکاری بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان هەژمار کرا بە دیاریکردنی کۆ نمرەی هەر فۆرمێك ،پاشان ڕیزکردنی بڕگەکان لە بەرزترین بۆ نزمترین نمرە ، توێژەر بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( تێستی تائی-t test ) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ تاقیکردنەوەی بەڵگەداری جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەی هەردوو کۆمەڵەکە بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان ، دواتر ئەنجامەکەی بڕگەکان بەڵگەدارە لە ئاستی ئاماری ( ٠,٠٥ ) بۆ هەموو بڕگەکان ، پاشان لە ڕێگەی هاوکۆلکەی (پیرسۆن ، ناوەندی شیاو ، لادانی پێوەری ، ڕێژەی سەدی ) نەگۆڕی فۆرمەکە دەرکەوت کە دەکاتە ( ٠.٩٩ ) ، ئەنجامی ئەم کارەش بووە هۆی داڕشتنی فۆرمی ڕاپرسی کۆتایی ، لە شێوە سەرەتاییەکەدا پێکهاتبوو لە ( ٤٥ ) بڕگە.

**پێشەکی:**

لە سۆنگەی ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایەی کە جیهان لە سەرجەم کایەو بوارە جیاوازەکانەوە بە خۆیەوە بینیویەتی، هۆشیاری دەروونیی و ئەو پرەنسیپانەی ڕەفتاری مرۆییان کۆنترۆڵکردووە ، گرنگیەکی زۆری پەیداکردووە ، بارودۆخە ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازییە گۆڕاوەکان و ڕووداوە خێرا و پەلەکانی دیکە ، بوونەتە هۆی ئاڵۆزتربوون و سەختربوونی ژیان ، هەروەها لە سەرجەم ئاستەکاندا بووەتە هۆی دەرکەوتنی چەندان کێشە . ( ئەلزغول ، ٢٠١٥ ، ل ٩ )

وە پەروەردەیش پرۆسەیەکی دێرین و فرە ڕەهەندە ، مێژووی پەروەردە هاوتایە لەگەڵ بوونی مرۆڤ ، لە کۆندا پرۆسەیەکی نافەرمی بووە لەلایەن خێزان ئاراستە کراوە ، هەڵبەتە خێزان ڕێگا و شێوازی تایبەتی لە پەروەردەکردنی منداڵان جێبەجێکردووە ، بە پێی ئاستی تێگەیشتن و جیهانبینی خۆی ، ڕەفتاری لەگەڵ منداڵ و نەوەکان کردووە ، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئاستی تێگەیشتن و جیهانبینی ، ئامانج و ڕێگا و شێوازەکانی پەروەردەکردنی گۆڕاوە و پێشکەوتووە ، هەڵبەتە لە هەنگاوی یەکەم ئامانج و ڕێگا و شێوازەکانی پەروەردەکردن ، زۆر سەرەتایی و ساکار بووە ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گۆڕان بەسەر ئامانج و ڕێگا و شێوازەکانی پەروەردەکردندا هاتووە ، گۆڕانەکان گونجاو بوون لەگەڵ ئاستی پێداویستییەکان و گەشەی (جەستەیی و دەرونی) مرۆڤ بە گشتی ، هەر قۆناغە و تایبەتمەندی خۆی هەبووە ، بە پێی تایبەتمەندی قۆناغ و شارستانێتە جیاوازەکان ، ئامانج و ڕێگا و شێوازەکانی پەروەردەکردن جیاواز بوون . ( حەمەدمین ، ٢٠١٤ ، ل ٨ )

١-١ گرفتی توێژینەوە Problem of the Research

یەکێک تر لە گرفتی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کەنوێیە و مامۆستا و لایەنی پەیوەندیدار زانیاری تەواویان نیە دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی هەروەها نەبوونی ئەنتەرنێت لە هەموو ماڵێکدا بۆ خوێندن دۆزینەوەی داتای تەواوەیەتی لە سەرکارامەیی مامۆستایان لە سەر خوێندنی ئەلیکترۆنی لە دیدی خوێندکاران و زانینی لایەنە بە هێز و لاوازەکانی ئەم سیستەمە .

لێکۆڵەریش لە سۆنگەی هەستکردن بە بوونی ئەم کێشەیە لە زانکۆی وڵاتەکەیدا هەوڵیدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی کارامەیی مامۆستایان لە خوێندنی ئەلیکترۆنی لە دیدی خوێندکارانی زانکۆ، کە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە لە بەشە زانستیەکان لە زانکۆی گەرمیان ، بۆ نموونە ، لێکۆڵەر ڕاستەوخۆ هەستی بەم کێشەیە کردووە ئەویش لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ( Covid-19 ) کە هۆکارێك بووە بۆ خوێندنی بابەتەکان بە سیستەمی ئەلیکترۆنی ، سەرەڕای ئەوەیش لە ڕێگای ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك لە هەندێ خوێندکار لە زانکۆی گەرمیان دەربارەی خوێندن بەو سیستەمە ، کە لەئەنجامدا دەرکەوت کە کێشەیەکی ڕاستەقینە هەیە لە خوێندن بەو سیستەمە ، بۆیە لیکۆڵەر هەوڵ ئەدات لە ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوە یە چارەسەری ئەم کێشەیە بکات ، لێکۆڵەر گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار دەستنیشان دەکات :

١- ئایا لێهاتوویی مامۆستایان لە سەردەمی کۆرۆنادا لەلایەن خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ چۆن دەبینرێت ؟

٢- ئایا خوێندنی ئەلیکترۆنی تاکو چەند سودی هەبووە بۆ مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆ لە سەردەمی ئێستادا ؟

٣- ئایا خوێندنی ئەلیکترۆنی کێشەو قورسایی بۆ مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆ دروست کردووە ؟

٤- ئایا لێهاتویی مامۆستایانی زانکۆ لە خوێندنی ئەلیکترۆنی لە لایەن خوێندکاران چۆن هەڵدەسەنگێنرێت ؟

١-٢ گرنگی.توێژینەوە The importance of the Research

لە ئەنجامی ئەو هەموو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیا و زانستیە خێرایانەی کە ڕوویانداوە سەرەڕای کەڵەکەبوون و زۆربوونی زانیارییەکان ، کە هەندێك لە زانایان لەو بڕوایەدان کە ئێستا هەر پێنج ساڵ جارێك زانیاری دەبێت بە دوو ئەوەندە ، واتە ئێستا چەند زانست و زانیاری هەیە ئەوا دوای پێنج ساڵی تر دەبن بە دوو ئەوەندە ، کە ئەم هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنی زانیاریانە وای لە زۆر دامەزراوەی زانستی و پەروەردەیی کرد ، کە بیر لە شێوازێکی تر بکەنەوە بۆ ئەوەی لەڕێگایەوە تاکەکانی کۆمەڵ فێربکەن ، لە ئەم کاتەدا فێرکردن و پەیوەندیکردن لە ڕێگای تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی تری فێرکردنی دەبێت . ( قەرەچەتانی ، ٢٠١٤، ل ١٠٤ ) ، گرنگی هەڵسەنگاندنی کارامەییە پێویستەکانی لە سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ڕوانگەی خوێندکاران و لە ئیستادا گرنگە بۆ زانینی کاریگەری سیستەمەکە لە سەرخوێندکاران و مامۆستایان و تاکو چەند سەرکەوتوو بووە وە بژاردەیەکی باشە بۆ وانەوتنەوە تاوەکو زیاد بکرێ لە زانکۆکان لە داهاتوودا وە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە سەر خوێندکار و مامۆستا لەم بارودۆخەی ئێستادا .

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بخەینە ڕوو لەم خاڵانەی خوارەوە :

١- ئەم توێژینەوەیە سوود بە مامۆستایانی زانکۆ دەگەیەنێت بە تایبەت مامۆستایانی زانستە مرۆڤایەتیەکان.

٢- پێشبینی دەکرێ ئەم سیستەمە وا لە قوتابیان بکات کە زیاتر گرنگی بە وانەکانیان بدەن و گەشە بە زانست و زانیاریان بدەن بە تایبەت لە بواری خوێندنی ئەلیکترۆنی .

٣- ئەم توێژینەوەیە هانی خوێندکار ئەدات تاکو بەشداری لە وانەوچالاکیەکان بکەن بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ .

٤- ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە دەگمەنەکانە لە هەرێمی کوردستان کە باس لە سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی دەکات لە بواری خوێندنی باڵادا .

٥- ئەم توێژینەوەیە سودی زیاتری بۆ مامۆستایان هەیە لە بواری خوێندنی ئەلیکترۆنی زانیاری زیاتر وەربگرن و بەکاربهێنن هەروەها ئاستی زانینی قوتابیەکان بزانن لە بواری خوێندنی ئەلیکترۆنی .

١-٣ ئامانجی توێژینەوە Aim of the Research

١- هەڵسەنگاندنی کارامەییە پێویستیەکانی فێرکردن بە سیستەمی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان لە دیدی خوێندکارەکانیان .

٢- نەبوونی جیاوازییەك لە کارامەییە پێویستیەکانی فێرکردن بە سیستەمی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

١- ٤ سنوری توێژینەوە Limiations of the Research

١- هەڵسەنگاندنی کارامەییە پێویستەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان لە دیدی خوێندکارانیانەوە .

٢- زانكۆی گەرمیان / زانستە مرۆڤایەتیەكان .

٣- حوێندكارانی زانكۆی گەرمیان / خوێندنی بەیانیان .

٤- ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٠ – ٢٠٢١ ) .

١-٥دیاریكردنی.زاراوەكان Determination of the Terms

١- هەڵسەنگاندن Evaluation

پێناسەی ئەلقتامی ( ٢٠١٣ ) : كردەیەكی سیستماتیك و بەدوایەكداهاتووی زنجیرەییە و ئامانجی دڵنیابوونە لە وەدیهاتنی رادەی ئامانجەكان و بەخشینی زانیاری و داتایە بە مامۆستا سەبارەت بە هەوڵ و كۆشش و ماندووبوونەكانی خۆی بە ئامانجی چاكتركردنی رێوشوێنەكانی وانەگوتنەوە و پێشخستنی رادەی فێرخوازی زانكۆیی . ( ئەلقتامی ، ٢٠١٣، ل ٣٩٩ )

پێناسەی رسول ( ٢٠١٤ ) :- پرۆسەیەكی سەرتاپاگیر و بەرفراوانە ، لە ژێر رۆشنایی چەند پێوەرێكی دیاریكراو بڕیار لە سەر زانیاری و داتاكان دەدرێت و هەڵدەسەنگێنرێت ، لە پێناو دەرخستنی راستیەكان و بەرەو پێش بردنی دیاردە و لایەنی هەڵسەنگێنراو ، لەلایەنی زمانەوانییەوە بەمانای راستكردنەوە یان چاكسازی دێت كاتێك لە رێچكەی راست لادان هەبێت ، بەڵام لەلایەنی زاراوییەوە كردارێكی رێكخراوەییە ، كە پیاهەڵدان (وەسف) بە برو بەجۆر بڕیاردان و چاكسازی لە خۆ دەگرێت . ( رسول ، ٢٠١٤ ، ل ٢١٩ )

٢- كارامەیی Skills

پێناسەی أبوحكب ( ١٩٨٠ ) : بریتیە لەو چالاكیە ئاڵۆز و دیاری كراوانە كە لە ماوەی راهێناندا یان مەشق پێ كردندا دەردەكەوێ كە زانایانە بەڕێوەی دەبات ، وەكو ئەوەی خزمەتێكی سوود بەخش دەكات وەكو لێ خورینی ئۆتۆمبێل وە یان ژەنینی ئامێرێكی مۆسیقا یان تایپ كردن لە سەر ئامێر . ( أبو حكب ، ١٩٨٠ ، ل ٤٧٨ )

پێناسەی عابد ( ٢٠٠٧ ) :- بریتیە لە توانای تاك بۆ بەڕێوەبردنی كارێك بە پلەیەكی بەرز لە خێرای باوەڕ پێ كراو كە بە شێوەی زاراوەی كار یان جوڵە یان مێشك دەبێت . (عابد ، ٢٠٠٧ ، ل ١٠ )

٣- فێركردن Instrauction

پێناسەی لبیب ( ١٩٨٣ ) :- فێركردن بریتی یە لە گەیاندنی زانیاری جۆراوجۆر بۆ خوێندكار و راهاتنی لە سەر جێ بە جێ كردنی كارلێكەكان یان تاقیكردنەوە كە لە خوێندنی ساڵانە وەری دەگرن . ( لبیب ، ١٩٨٣ ، ل ٢٩ )

پێناسەی عەزیز ( ٢٠١٤ ) :- فێركردن بەكاردەهێنرێت بۆ ئاماژەكردن بەو پرۆسیسانەی كە مامۆستا پێی هەڵدەستێت بۆ گواستنەوەی زانیاریەكانی بۆ خوێندكار لە فێركردنی رێكخراودا . ( عزیز ، ٢٠١٤ ، ل١٠ )

٤- خوێندنی ئەلیكترۆنی Electronic Learning

پێناسەی عقل ( ٢٠٠٧ ) : مەبەست لە خوێندنی ئەلیكترۆنی ئەو خوێندنەیە كە پشت دەبەستێ بە ئامێری كۆمپیوتەر لەبەر بەرەو پێشچونی ناوەرۆكی خوێندن و فێربوون بەبێ ئاوڕدانەوە لەوەی تەنها سوود لە پەیوەندیەكانی هێڵی ئەنتەرنێت وەربگرین واتە كۆمپیوتەر بەتەنها خزمەتی زۆر پێشكەشی خوێندنی كردووە بەبێ هێڵی ئەنتەرنێتیش .( عقل ، ٢٠٠٧ ، ل ٢١)

پێناسەی الساعدی ( ٢٠١٣ ) : رێگەیەكی نوێیە بۆ خوێندن و فێربوون بەبەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردنی نوێ بە ئامێری كۆمپیوتەر و تۆرەكانی و لەگەڵ جۆرەها ناوەندەكانی تر وەكو دەنگ و وێنە و پەڕاو و ئامێرەكانی توێژینەوە لەگەڵ هێڵەكانی ئەنتەرنێت، چ لە دوورەوە بێت یان لە وەرزەكانی خوێندندا بخوێنرێت ، واتە بەكارهێنانی تەكنیكە نوێكان بە هەموو جۆرەكانیەوە بۆ گەیاندنی زانیاریەكانی بۆ خوێندكار بە خێراترین كات و كەمترین تێچوون و گەورەترین قازانج . ( الساعدی ، ٢٠١٣ ، ل ٣٨ )

٥ - مامۆستا Teacher

پێناسەی عبود ( ١٩٩٢ ) : راهێنەرێكە هەوڵ دەدات بە توانایی و كەسایەتی بۆ جێبەجێ كردنی ئەكەكانی تاوەكو خوێندكار داب و نەریت و ئاراستەكان و شێوەی گشتی رەوشتی خواستن وەربگرێت بە رێگای هاندان و كاركردن كە تەرخانی دەكات ، وە دواتر فێربكرێت چۆن هەڵسوكەوت بكەن لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی كە مەترسی هەیە ، وە چۆن سەركەوتن و پێشكەوتن بەدەست بهێنن لە رەوشتی رۆژانەیان . ( عبود ، ١٩٩٢ ، ل ١٨٩ )

پێناسەی قادر ( ٢٠١٣ ) :- مامۆستایی پیشەیەكی گرنگە ، كە پێویستی ئەو پیشە لە كەس ناشاردرێتەوە، بەگشتی ، بەڕای نووسەران و بیرمەندان ، پێكهاتووی كۆمەڵێك ئەزموونە ، كە ئەبێتە هۆی گۆڕانكاری خواستراو لە زانست و زانیاری فێرخوازان و قوتابیاندا . ( قادر، ٢٠١٣ ، ل ٤١ )

٦- زانستە مرۆڤایەتیەكان Humanities

پێناسەی السید ( ٢٠٢٠ ) :- زانستە مرۆڤایەتیەكان بەشێكی گرنگە لە بەشەكانی ئەو زانستانەی كە گرنگی دەدەن بە خوێندنی مرۆڤ و رۆشنبیریان بە رێگەیەكی زانستیانە بە بەكارهێنانی بابەتی راستەوخۆی شی كراوە لەسەر ئەو پرسیارانەی كە پەیوەستن بە مرۆڤەوە و ئەو توانایە كە پێناسەی خۆی دەكات ، زانستی مرۆڤایەتی بەوە دەناسرێت لە وانی تر كەباسی بەشە ئەكادیمیەكان دەكات لەسەر ناوەرۆك و بابەتی جیاواز ، هەروەها خوێندنەوە دەكات بۆ شیكردنەوەی زانین و چالاكی وە ناسینی ئامێرەكان و چارەسەر بۆ تاقیكردنەوەی مرۆڤایەتی و باوەڕێ كردنیان دەكات . ( السید ، ٢٠٢٠ ، ل ٢ )

٧- خوێندكار Students

Wiki.kololkپێناسەی :- خوێندكار هەموو كەسێك دەگرێتەوە كە پەیوەست بێت بە جێگایەك یان شوێنێكی زانستییەوە وەكو قوتابخانە ، زانكۆ یان كۆلێج یان پەیمانگا و بنكەكان بۆ ئەوەی فێری زانستی جۆراوجۆر بێت وە بروانامەیەك بەدەست بهێنن كە باوەڕ پێكراو بێت لەو شوێنانەی كە باسكران بۆ بەڕێوەبردن و بەردەوامی ژیانی رۆژانەیان بە پشت بەستن بەو بروانامەی كە بە دەستی هێناوە . ( تعریف و معنی الگالب ، www.wiki.kololk.com )

Wikipediaپێناسەی: - خوێندكار یان رۆشنبیری تێگەیشتوو كە بە دوای زانست و زانیاریەوەن لە دامەزراوەیەكی فێركاری یان زانستی دەخوێنن ، ووشەی ( قوتابی ) بە تایبەتی لە خوێندنگا نوێ یەكاندا ، قوتابی قوتابخانە ئەوانەیش حەزیان لە فێربوونی زانستە بەڵام بە زۆری ئەم ناوانە بەكاردەهێنرێت بۆ ئەوانەی كەلە زانكۆ و پەیمانگاكاندا یان لە خوێندنی باڵا دەخوێنن . ( گالب ، https // ar. Wikipedia .org )

٨- زانكۆی گەرمیان University of garmian

*: یەكێكە لە زانكۆ حكومیەكان لە هەرێمی كوردستان / عێراق ،كەلە ( ٢٠١٠/٧/٨ ) وەكو پێویستیەكی بابەتی و زانستی هەرێمەكەمان بە گشتی و دەڤەری گەرمیان بەتایبەتی دامەزراوە ، سەرەتای دەستپێكی دامەزراندنی

دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی هەریەك لە كۆلێجەكانی ( پەروەردە لە ساڵی ٢٠٠٤ كراوەتەوە ) و پەروەردەی بنەڕەت لە ساڵی ٢٠٠٨ كراوەتەوە ) لە شاری كەلار و كۆلێجی ( زمان و زانستە مرۆڤایەتیەكان لە ساڵی ٢٠٠٤ كراوەتەوە ) و كۆلێجی ( پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەكان لە ساڵی ٢٠٠٦ كراوەتەوە ) لە شاری خانەقین ، كە لەو قۆناغەدا سەر بە زانكۆی سلێمانی بوون ،دواتر لە ساڵی ( ٢٠١١ ) هەموویان خرانە سەر میلاكی زانكۆی گەرمیان ، ئەم زانكۆ لە ماوەیەكی دیاریكراودا گەشەیەكی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە ، لەو پێناوەشدا كۆلێجی (زانستە ئەندازیارییە كشتوكاڵیەكان )لە شاری كفری و كۆلێجی ( پزیشكی ) لەشاری كەلار و كۆلێجی (كۆمپیوتەر و تەكنەلۆجیای زانیاری )لەشاری خانەقین و بەشی (ئەندازیاری بیناكاری ) و بەشی ( یاسا ) لە كەلار كە تاكو ئێستا سەربەنوسینگەی سەرۆك زانكۆیە نەكراوە بە كۆلێژ ، وەكو دووبەشی زانستی سەربەخۆ لە زانكۆمان كرانەوە ، لە ئێستادا پێكدێت لە ( ٨ ) كۆلێج ، و (٣٠ ) بەشی زانستی دەوامی بەیانیان ، و ( ١٥ ) بەشی زانستی دەوامی ئێواران .

* ( ماڵپەڕی فەرمی زانكۆی گەرمیان ، ٢٠١٩( https:// garmian

بەشی دووەم :

١- تیۆەری توێژینەوەكە Theoretical of the Research

١-١ - چەمكی وانەوتنەوە .

وانەوتنەوە چالاكییەكی بەردەوامە ، ئامانجی وروژاندنی فێربوونە و ئاسانكاری ئەركی وانەوتنەوە و بەدیهێنانی ئامانجەكانیەتی ، هەروەها وانەوتنەوە كۆمەڵێك ڕەفتاری بەردەوام لە خۆدەگرێت و بڕیارەكانی بەكاردەهێنرێت بۆ ڕوونكردنەوەو بەكارهێنانی بەشێوەیەكی مەبەستدار لەلایەن مامۆستاوە ، كاردەكات وەك ناوەندێك لە چوارچێوەی هەڵوێستی پەروەردەی فێركاریدا . ( الحموز ، ٢٠٠٤ ، ل ١٧- ١٨ ) ، بەپێی ئاراستە نوێیەكانی وانەوتنەوە ئاراستەكردنە نەك وتنەوەی ، لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا دەگۆڕێت بەشێوەیەك بۆتە ئاراستەكار و ڕێنماكار و ئامادەكراوی بۆ بارودۆخ و ژینگەی وانەوتنەوەكەی . ( سلامە ، ٢٠٠٦ ، ل ١٢ ) ، هەروەها وانەوتنەوە زانستێكە گرنگی دەدات بە ڕێگاكانی وانەوتنەوە و تەكنیكەكانی ، ئەو هەڵوێستەی كە فێرخوازان و مامۆستایان كارلێك لەگەڵ یەك دەكەن . ( عبادیە و عالیە ، ٢٠٠٧ ، ل ٩ ) ، دەكرێت وانە وتنەوە بە لایەنی پراكتیكی پرۆسەی فێركردن لە قەڵەمبدرێت ، یاخود بە یەكێك لە شێوە هەرە گرنگەكانی ئەو پرۆسەیە ناوزەند بكرێت ، فێركردنیش كارا نابێت تا كاتێك كە پێشتر پلانی بۆ دانەڕێژرابێت ، یاخود بە ڕێگەیەكی یەك لە دوای یەك دیزاین نەكرابێت ، لەبەرئەوە "وانەوتنەوە چالاكییەكی پێكەوە بەستراوە و ئامانجی وروژاندن و ئاسانكردنی ئەركی بەرجەستەكردنی فێربوونە" ، ڕەفتاری وانەوتنەوەش كۆمەڵێك كردەی یەك لە دوای یەك و بڕیار لە خۆ دەگرێت ، مامۆستایش وەك نێوانێك لە بەرجەستەكردنی هەڵوێستی پەروەردەیی – فێركاری كار دەكات ، بە پێی چۆنێیەتییەكی مەبەستدار ئەو كردەو بڕیارانە شی دەكات . ( مرعی و حیلە ، ٢٠٠٢ ، ل ٢٣ )

١-٢- شێوازەكانی وانەوتنەوە :

بریتیە لە كاروباری ئەنجام دراو لە كرداری فێركردن بۆ نموونە بابەتی حەج لە ڕێگەی گفتوگۆ كە مامۆستایەك شێوازی وانەوتنەوەكەی بە پشت بەستن بە وێنەو بەڵگەكان دەیڵێتەوە بۆ گفتوگۆ كردن لەگەڵ قوتابیان بەڵام مامۆستایەكی دیكە هەمان بابەت دەڵێتەوە بەڵام بە شێوازی جیاواز بۆ نموونە پشت دەبەستێت بە ڤیدیۆ بۆ گفتوگۆ كردنی لەگەڵ قوتابیان ، مامۆستایەكی دیكە وانەكە بەشێوازی ڕۆڵ بینین دەیڵێتەوە ، وە مامۆستای دیكە پشت بە نوسینی ڕاپۆرت و گفتوگۆ كردن دەبە ستێت لە وانەوتنەوەكەی ، و دواتر شێوازی پرسیار و وەڵام بەكاردێنێت . ( ابوشرخ ، ٢٠٠٨ ، ل ٩ )

١- ٣ - كارامەییەكانی وانەوتنەوە :

پێناسەی زۆر بۆ كارامەیی كراوە بۆ نموونە وتراوە بریتیە لە بەجێهێنانی تاك بۆ كارو كردارێك ئیدی هزری بێت یان كۆمەڵایەتی یاخود جەستەیی و دەروونی و كردارەكی بە وردی و دروستی بێ كەم و كورتی و لەكات ، هەروەها بە تێچوو و كۆششێكی كەم . هەر بۆیە كارامەیی پێویستی بە ڕاهێنان و بەڕاوەكردن هەیە بۆ ئەوەی ببێتە ئەزموون و كەڵەكە بێت لای تاك بۆ ئەوەی دواجار بە ئاسانی پەیڕەوی لێبكرێت و ببێتە كارامەیی ، لە نێو وڵاتانی دونیا بەتایبەت ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە پێشەنگی وڵاتان بوو لە گرنگیدان بە كارامەییەكانی وانەوتنەوە ئەم بۆچوونەش بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٥١ سەرییهەڵدا ، لە ساڵی ١٩٦٨ بە فەرمی لە زانكۆی فلۆریدا لە سەر ئەو بنەمایە لیستێكی لە كارامەییەكانی وانەوتنەوەی مامۆستای ئامادەكرد كە دابەشكراوە بۆ پێنج بوار بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- پلاندانا بۆ فێركردن .

٢- دیاریكردنی ناوەڕۆكی فێركاری و ڕێكخستنی .

٣- بە كارهێنانی ڕێگەی گونجاو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ڕەفتاریانەی كەدەویسترێت .

٤- هەڵسەنگاندنی ئەنجامەكانی فێربوون .

٥- لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی پیشەیی . ( عزیز ، ٢٠٢١ ، ل ٢٠٢ )

١- ٤- چەمكی كارامەیی وانەوتنەوە :

بریتیە لە كۆمەڵێك كارامەیی كە پێویستە مامۆستا لە توانای دابێت ، لە ئەنجامی ئەو بەرنامەی كە خوێندویەتی ، پێش ئەوەی دەست بە پیشەی وانەتنەوە بكات وەك پلاندانان ، جێبەجێ كردن ، هەڵسەنگاندن ، كە بەشداری دەكەن بۆ گەیشتن بەوەی هەستێت بە ئەركی وانەوتنەوە لەكاتی ئەنجامدانی پیشەی وانەوتنەوەدا . ( اللقانی و الجمل ، ٢٠٠٣ ، ل ٣٠٥ ) ، یان بریتیە لە توانای كارئەنجامدانی لەسەر كارێك یان پرۆسەیەكی دیاریكراو ، زانینی كارامەییەكانی وانەوتنەوەكە چالاكییەكی پێكەوە بەستراوە و لێك جیایە كە مامۆستا پێی هەڵدەستێت لە كاتی ئەنجامدانی وانەكەداو هاندانی فێرخوازە بۆ فێربوون . ( المهنا و الحداد ، ٢٠١١ ، ل ٣٠ )

١- ٥ - وانەوتنەوەی زانكۆ :

پرۆسەیەكە كە سروشتێكی ئاڵۆزی هەیە بەو پێیەی كاریگەرە بە كۆمەڵێك هۆكاری زۆر لەوانە ئەو هۆكارانەی پەیوەندییان بە مامۆستای زانكۆوە هەیە ، لە ڕووی توانستی زانستی و بۆچوونی لە پسپۆڕیدا ، و ئامادەكردنی مانای پەروەردەیی لە وانەوتنەوەی زانكۆدا ، لەوانەش كە پەیوەندی بە خودی خوێندكاری زانكۆوە هەیە لە ڕووی خەسڵەتە كەسییەكان ، و توانا و ویست و ئارەزووەكانی ... هتد ، هەروەها ئەو هۆكارنەیش بە سروشتی پرۆگرامەكانی خوێندنەوە هەیە ، وەكو ( بەرنامەكانی زانكۆ ، پلانی خوێندن و وانەوتنەوە لە زانكۆ لە ڕووی : سروشت و ئامانج و

ناوەڕۆك و هەڵسەنگاندن ) بەتایبەت ڕادەی شیاوی و گونجاوی دەربارەی گرنگی پێدانی قوتابی و پێداویستییەكانی ( زیتون ، ٢٠٠٤ ، ل ٢١ )

٢- ١ –كارامەیی:

٢- ٢ - واتای كارامەیی :

كارامەیی لە بەكارهێنانی زمانیدا بە واتای شارەزایی و لێهاتوویی دێت ، وەك دەوترێ : ئەو كەسە لە شتێك كارامە بوو ، یانی : شارەزابووە لێهاتووە تیایدا . ( عمر ، ٢٠٠٨ ، ل ٢١٣٢ ) ، ئاسانی ئەنجامدانی كارە بە وردی ، لەگەڵ ڕەچاوكردنی بارودۆخ. ( شگا ، ٢٠١١ ، ل ٢٥ ) ، بریتیە لە توانای ئەنجامدانی كارێكە بە شێوەیەكی چاك و شارەزایی . ( یوسف ، ٢٠١١ ، ل ١٢٢ )، كارامەیی بە شێوەیەكی گشتی لە پرۆسەی پەروەردەییدا بریتیە لە ئەنجامدانی كارێك بە ڕادەیەكی پێویستی خێرایی و شارەزایی ، بە كەمترین هەوڵ . ( لبیب ، ١٩٨٦ ، ل ١٠٠ )

٣ – ١- چەمكی هەڵسەنگاندن :

چەمكی هەڵسەنگاندن جیاوازە لە هەردوو چەمك و زاراوەی پێوانەكار و پێوانەكردن ، لەبەرئەوەی هەڵسەنگاندن بەرفراوانتر و سەرتاسەریترە و هەردوو چەمكی پێوانەكردن و پێوانەكاریش لە خۆ دەگرێت ، واتە یەكەم جار دەبێت تێست و پێوانەكار ئامادە بكرێت ، دواتر لە ڕێگەی ئەو تێست و پێوانەكارەوە زانیاری و داتا كۆبكرێتەوە و پرۆسەی پێوانەكردن بە ئەنجام دەگەیەنرێت ، دواتر بڕیار لە سەر ئەو زانیاری و داتایانە دەدرێت و لەبەر ڕۆشنایی پێوەری ( معیار ) تایبەتی هەڵدەسەنگێندرێن . ( قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ ، ل ٢٢٦ )

هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردەدا ، یانی ئەو پرۆسە سیستماتیكە ، كە بریتیە لە كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر تایبەتمەندییەكی دیاریكراو (چەندێتی یان بە پێچەوانەوە ) ، ئەم زانیاریانە بەكارهێنراوە بۆ حوكمدانی ئەم تایبەتمەندییە لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی پێشوەختە دیاریكراوەكان بۆ ئەوەی بە تەواوی بزانرێت ، گومانی تێدا نیە كە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم چەمكە تەقلیدییە گرنگە بۆ هەمواركردن و ڕاستكردنەوەی پێویست لە كاری پەروەردەییدا . ( سماره و اخرون ، ٢٠٠٠ ، ل ١١-١٢ )

٣– ٢ – واتای هەڵسەنگاندن :

هەڵسەنگاندن كۆمەڵێك یاسایە كە هەموو لایەنەكانی فێركردن و فێربوونی پێ دەپێوین و خاڵە بەهێز و لاوازییەكانی دەستنیشان دەكەن بە مەبەستی پێشنیاركردنی ئەو چارەسەرانەی دەبنە هۆی ڕاستكردنەوەی ڕێڕەوەكەی ، بۆیە پرۆسەی هەڵسەنگاندن بریتیە لە خەملاندنی گۆڕانكاریی تاكەكەسی و بەكۆمەڵ و لێكۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەو گۆڕانكارییانە و ئەو فاكتەرانەی كە كاریگەریان هەیە لە سەری و دەكرێت هەڵسەنگاندن وەك پرۆسەی پێوانەكردن لە ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجەكان لە بەرنامەی خوێندندا ببینرێت ، ئەوە ئەو ئامرازەیە كە بەڵگەكانی پێ كۆدەكرێتەوە لەسەر ڕەوابوونی ئەو گریمانانەی كە بەرنامە فێركارییەكانی لەسەر دامەزراوە ، ڕەوابوونی ئەو ئامانجانەی كە ئێمە بە دوایدا دەگەڕێین بۆ بەدیهێنانی ، لێهاتوویی مامۆستا و فێربوونی قوتابی و كاردانەوەیان لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی كە لە بەرنامەی خوێندندا هەیە . ( الحریری ، ٢٠١١ ، ل ٢٨٥ )

٣ – ٣ – هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی :

بریتیە لە پرۆسەی بەكارهێنانی زانیاریە پێوانەییەكان لە پێناو دەركردنی بڕیار لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی ئامانجەپەروەردەییەكان، وە لێكۆڵینەوەی ئەو دەرئەنجامانەی كە هەندێ لە هۆكار و بارودۆخەكان دەیهێننە كایەوە ، و دەبنە هۆی ئاسانكردنی دەستەبەربوونی ئەم ئامانجانە یا خود نەهێشتنیان. ( العنانی ، ٢٠١٤ ، ل ٢٤٥ ) ، هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی كردارێكی ڕێكخراوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لەسەرڕەهەندەكانی پرۆسەی پەروەردە و فێركردن و شیتەڵكردنیان ، بەمەبەستی دیاریكردنی پلەی جێ بە جێ كردنی ئامانجە پەروەردەییەكان و بڕیاردان و چاكسازی لایەنە لاوازەكان و گەشە پێدانی ئەم بوارە ، لە پێناو دووبارە ڕێكخستنەوەی ژینگەی پەروەردەیی و دەوڵەمەندكردنی، بەهەرحاڵ لە بواری پرۆسەی پەروەردەدا هەڵسەنگاندن بایەخێكی زۆری هەیە ، بە جۆرێك بە بێ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن هیچ مانایەكی نییە ، ناتوانرێت خاڵە بە هێز و لاوازەكانی دیاری بكرێن وە هەنگاو بەرەو پێشبردنی بنرێت ، لە ژێر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنەوە بڕیار لە سەر ڕادەی سەركەوتوویی و سەرنەكەوتوویی كۆی پرۆسەی پەروەردە دەدرێت . ( رسول، ٢٠١٧، ل ٧٥ )

٣ – ٥ –گرنگی هەڵسەنگاندن و مەبەستەكانی :

١- زانینی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان لەوەی كە خوێندوویانە .

٢- زانینی ئاستی گەشەی قوتابیان لە مەڕ پێگەیشتن لە سنوری توانا و لێهاتوویيان .

٣- دەرخستنی پێداویستی خوێندكاران و ئارەزووەكانیان ، بۆ ئەوەی بتوانرێ تێر بكرێن – فەراهەم بكرێن – و گەشەیان پێ بدرێت .

٤- دیاریكردنی ئەو كۆسپانەی كە دێنە ڕێی قوتابیان یاخود مامۆستایان ، یان دامەزراوە پەروەردەییەكە ، بۆ كاركردن لەسەر نەهێشتن و كەمكردنەوەی ئەم كۆسپانە ، و ئاسانكردنی پرۆسەی فێربوونی خوێندكار .

٥- دیاریكردنی لایەنە بەهێزی و لاوازی قوتابیان ، لە پێناو گەشەی لایەنەكانی بەهێزی و نەهێشتنی لایەنەكانی لاوازی . ( العنانی ، ٢٠١٤ ، ل ٢٤٨ )

٣ – ٩ - جۆرەكانە هەڵسەنگاندن :

١- هەڵسەنگاندنی پێشوەخت :

لێرەدا كرداری فێربوون و فێركردن لە پێش كار دێت و ئامانجەكانی ئەمانەن:

دیاری كردنی ئاستی قوتابی بۆ فێربوون .

دیاری كردنی لایەنەكانی بەهێزی و لاوازی قوتابی.

دیاری كردنی ئەو ئاستەنگانەی كە قوتابی تووشی دەبێت لە فێربوون .

دیاری كردنی ئاستی توانا و گرنگی و ئارەزووەكانی قوتابی .

٢- هەڵسەنگاندنی پێكهاتوو :

لەسەر بنەمای هەردوو فێربوون و فێركردن بەستراوە ئامانجەكەیشی دیاری كردنی مەودای فێربوونی قوتابیە و تا چ ئاستێك لە وانەكە تێدەگات ، ئەو ئامێرانەش دەگرێتەوە كە مامۆستا لە ناو پۆلدا بەكاری دێنێت ، وە هەروەها تاقیكردنەوە كۆتا و زاركییەكانیش دەگرێتەوە . ( الفتلاوی ، ٢٠١٩ ، ل ٢٦٧ )

٣- هەڵسەنگاندنی بەدواداهاتوو .

واتا بەردەوامی لە هەڵسەنگاندن ، ئەم جۆرە باوە لە بواری پیشەیی و تەكنیكی كەهەندێ جار بە هەڵسەنگاندنی چاكسازی ناودەبرێت بۆ دەستەبەركردنی چالاكی بەرنامەكە بۆ ماوەیەكی درێژ و خزمەتی جۆراوجۆر پێشكەش بكات و هێزی دەستی كاریش دابین دەكات بە گوێرەی پێویستی و

داواکاری بازاڕی ناوخۆ ، ئەم بەرنامەیە لەگەڵ بەنامەی ڕاهێنان و تەکنەلۆجیای بەکارهاتوو دێت و دەکرێ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە بواری فێرکردنی زانکۆ بەکاربێت وەك چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەکان و شیکردنەوەی کێشەکان و لێکدانەوەی ڕۆڵەکانی و خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان و تۆمارکراوەکان .

٤- هەڵسەنگاندنی کۆتایی .

مەبەستمان دەرئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەیە کە مامۆستا ئەنجامی دەدات لە کۆتایی مانگ یان وەرز ، دواتر ئەنجامەکان تۆمار دەکرێت کە ئەو دەرئەنجامە ئاستی خوێندکار دەرچوون و کەوتنی دەردەخات ، دەکرێ بڵێین کە بابەتێکی سەرەکییە بۆ ڕێکخستنی کۆتایی پرۆگرامەکە . ( الحموز ، ٢٠٠٤ ، ل ٢٢٣ )

٥ – ١ - خوێندنی ئەلیکترۆنی:

چەندین ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە خوێندنی ئەلیکترۆنی چییە ، ڕەنگە بەهۆی فەلسەفە جیاوازەکانی هەریەك لە پەروەردەییەکان ( التربويين ) و توکنۆلۆجیەکانەوە بێت کە بەڕێوەبردن و پەرەپێدان و سەرپەرشتی کردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی دەکەن ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە بوونی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و تەکنەلۆژی زۆر لە بواری خوێندنی ئەلیکترۆنیدا .

٥ – ٢ - گرنگی خوێندنی ئەلیکترۆنی :

گرنگی خوێندنی ئەلیکترۆنی یارمەتی دەرە بۆ :

پێشکەش کردنی هەلی فێربوون بە بەشداری فێرخواز بۆ بیردۆزە نوێکانی فێربوون و ئاراستەکانی .

ناسینی سەرچاوەی جۆراوجۆر بۆ زانیاری و بەشێوازی جیاواز کە ڕەچاوی جیاوازی تاکەکان دەکرێت لە لایەن مامۆستاوە .

ئاسان کردنی بە دەستهێنانی ئامانجی دیاری کراو لەکرداری فێرکردن و فێربوون.

گەشەپێدان بە توانای بیرکردنەوە لە پاڵ فێربوون و چارەسەرکردنی کێشەکان.

یارمەتی دەرە بۆ بەدەستهێنانی نمرەی باشتر لە فێربوون ئەویش بە پێدانی هەلی زیاتر بۆ فێربوون .

پێشکەش کردنی ژینگەیەکی بنیات نراو کە پشت بە بیردۆزەکان دەبەستێت لەوانە بیردۆزی برونر لە فێربوون . ( الفتلاوي ، ٢٠١٩ ، ل ٢٦٨ )

توێژینەوەکانی پێشوو :

توێژینەوەکانی پێشوو گرنگیەکی زۆری هەیە چونکە لە ڕێگەی ئەو توێژینەوانەوە دەتوانین زۆر زانیاری پەیدا بکەین ، هەروەها سوود لە هەندێ داتا و شێوازی ڕێکخستنی وەربگرین ، وە سوود لە هەندێ سەرچاوەی کۆن وەربگرین و بەراوردی بکەین لەگەڵ خوێندنی ئێستادا ، بۆ شێوازی دارشتن و نوسینی توێژینەوە سودیان لێ وەربگرین ، بەڵام بۆ بابەتی هەڵسەنگاندنی کارامەییە پێویستەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان لە دیدی خوێندکارانیانەوە ، بابەتێکی نوێیە توێژینەوەی کەم لە سەر کراوە بۆیە تەنها توانیم سوود لە توێژینەوەی عەرەبی و بیانی ببینم ، لە سێ بەشدا ڕێکدەخرێت بەڵام من کردوومە بە دوو بەش لەبەرئەوەی توێژینەوەی عێراقی و کوردی لە سەری نەکراوە بۆیە نەمتوانیوە وەریانبگرم و سودیان لێ ببینم ، وە توێژینەوەکانیش بەم شێوەیە خوارەوە ڕێکخراوە .

یەکەم : توێژینەوە عەرەبیەکان :

١ - توێژینەوەی ( عیسان و العاني ، ٢٠٠٧ ) :

ڕاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی بە بۆچوونی خوێندکارانی زانکۆی پەروەردە لە زانکۆی السگان قابوس لە عمان ئەنجام دراوە :

ئامانجی خوێندنەکە ئاشکراکردنی ڕاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆی پەروەردە سلگان قابوس، ،ئەوەش بە ڕێگای وەستانن لە لایەنە باشەکان و خراپیەکانی بە بۆچوونی خوێندکاران ، وە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە و دابەشی کردووە بە سەر نموونەیەکی خوێندنەکە کە پێك هاتووە لە (١٦٥ ) خوێندکاری نێر و مێ لە وانەکە کە پرۆگرامی وانەیان دەخوێند بە ڕێگای خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆی پەروەردە .

گرنگترین دەرئەنجام کە پێی گەیشت ، یەکێ لە باشیەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی توانای لە سەر ئەکتیفی فێرکاریەکە یە . ( عیسان و العاني ، ٢٠٠٧ ، ل ١٢ )

٢- توێژینەوەی احمد بدح ( ٢٠٠٨ ):

بە ناونیشانی ڕێژەی خاوەنداری ئەندامانی وانەوتنەوە لە بەشەکانی پەروەردە لە لێهاتووی سەرەکی لە بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆی البلقاو التگبیقیە لە زانکۆی الازهر لە الاردن ئەنجام دراوە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ڕێژەی خاوەندرێتی ئەندامانی وانەوتنەوە لە بەشەکانی پەروەردە لە لێهاتوویی سەرەکی لە بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆی البلقاو التگبیقیە ، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك لە ئەندامانی وانەوتنەوە هەموویان لە بەشەکانی زانستی پەروەردە لە زانکۆ یان هەمان زانکۆ لە وەرزی خوێندنی دووەم ( ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ ) وە ژمارەیان ( ١٠٦ ) ئەندامی وانەوتنەوەی تایبەتی بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا ، وە دەرئەنجامی توێژینەوە دەرکەوت بە ڕێژەی ناوەند لە بەرئەوە جیاوازی ئاماری نیە لە ئاستی ٥% لە ئاستی توانای زانستی ، یان لە هەمان زانکۆی البلقاو التگبیقیە . ( احمد بدح ، ٢٠٠٨ ، ل ٢٨٤ )

توێژینەوە بیانییەکان :

١- توێژینەوەی ( Hirumi ,1998 ):

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی شیکردنەوەی کارامەیی و زانیاریە بنچینەکانی خوێندن بە ئەلیکترۆنی لە زانکۆی فلۆریدای ناوەند ئەنجام دراوە .

ئەم توێژینەوە سەبارەت بە دانانی ڕێنمایەکانە بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی و زانیاری مامۆستاکان بە شێوەی ئۆنلاین ، لە ئەنجامەکانی کۆمەڵەی ( cooper) کووپەر ١٩٩٨ ئەوە دەردەخات دەکرێت ( ١٦ ) شێوازی کارامەیی کۆبکرێتەوە لە ( ٦ ) بواردا کە پێدەچێت پێویست بێت بۆ مامۆستاکان بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا ، هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات هۆیەکانی ، وەکو ، ڕێکی ، شێوازی گەیاندن ، ئەنجامی فێربوون ، ستراتیژی فێرکردن ، لەوانەیە کاریکاتە سەر ئەم کارامەییە ، سەرەڕای ئەوەش ، ئەنجامەکان دەڵێن کە دەکرێت مامۆستاکان بە ڕێژەیەکی زۆر سوود ببینن لە مەشقکردن ، وە پشتگیری و پەرەسەندنی توانایی لە گواستنەوەی خوێندنی ڕووبەڕوو بۆ خوێندنی ئەلکترۆنی ، هەرچەندە پێ دەچێت کە زۆربەی شێوازە

کارامەییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی چونیەك و گونجاو بێت بۆ جێبەجێکردن هەروەها ئەنجامەکان ئەوە دەردەخات وا پێویست دەکات لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت بۆ سەلماندنی ڕاستی و باوەڕپێکراو کردنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی خۆیی و بۆ پەیوەندی تیۆری و کارپێکردن . ( Hirumi ,1998 ,P 534 )

٢ - توێژینەوەی ( orora et .al ,2014 ) :

بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی ستراتیژی هاوکاری بۆ باشی داهێنان لە لایەن خوێندکاران لە قوتابخانە ناوەندییە بایلۆجیەکان لە کینیا :

ئەم توێژینەوە لە قوتابخانە هەڵبژێردرا لە ناکور لە ناوچەی کینیا ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی لەوەی جیاوازی هەبێت لە ئاستی داهێنانی خوێندکاران لە زانستی زیندە لە نێوان ئەوانەی فێربوون بە ڕێگای ئەلیکترۆنی هاوکاری وە ئەوانەی کە فێربوون بە ڕێگای ئاسایی ، کە نمونەی خوێندکارانی ( ١٠٥ ) خوێندکار تێدا بەشدار بوون ، وە دەرئەنجامەکان دەریخست کە بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی پێکەوە کار کردن لە خوێندنی زانست لە قوتابخانە ناوەندییەکان هانی خوێندکاران دەدات لە سەر داهێنان ، وە ئەمەش واتای ئەوەیە کە هانی خوێندکاران بدرێت لە سەر بیرکردنەوە بە ڕێگاکانی تر بۆ سەیرکردنی ڕووداوەکانی لە جیاتی ڕێگەی ڕۆتینی ، هەروەها توێژینەوەکە ئاستی داهێنان و خوێندنی بەرزبووە ، وە دەڵێت دەرئەنجامی خوێندن لە یەکە ئیدارییە پەروەردەییەکان و ئەوانەی پرۆگرامی خوێندنیان داناوە دڵنیا بوون لەسەر بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنلەخوێندنزانست146 - 137 :Orora ,2014 P. )

بەشی سێیەم

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە :

٣- ١- ڕێبازی توێژینەوە Research Methodology

ڕێبازی توێژینەوەی وەصفی شیکاری لەم توێژینەوەی ئێستادا پەیڕەوکراوە ، بریتیە لەو ڕێبازەی کەلەو دیاردە یان ڕووداو یان پرسە دەکۆڵێتەوە ، کە لە ساتە وەختی ئەو دۆخەدا بوونی هەیە و دەتوانرێت ئەو زانیاریانەی لێوەربگرێت ، کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژیەوەکە دەدەنەوە بە بێ ئەوەی توێژەر بەشداربی تێدا بکات.( الزعبی ، ٢٠١٩ ، ل ٥٩ ) هەروەها بریتیە لەوەی ڕێگایەکە توێژەران پشتی پێ دەبەستن بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی دیاردەکە لە سەر بنەمای وەصفکردنی دیاردەکە بە وەصفك

ردنێکی وورد ، بە واتای دیاریکردنی دیمەنەکە هەر وەك ئەوەی کە خۆی لە واقعدا هەیە . کەلە وانەیە وەسفکردنە کە بە ووشە یان ژمارە بێت ، وەصفیش بریتیە لە دیاریکردن و تۆمارکردنی تێبینی لە سەر دیاردەکان ، وەسف بە تەنها بەس نییە بۆ بونیادنانی زانست ، لەبەر ئەوەی کە تەنها وەصف و تۆمارکردن بەس نییە بە گەیشتن بە زانست بۆ هەر زانستێك دەست پێشخەری ناکرێت گەر هات و ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ نەکرێت و دوابەدوا گشتگیر نەکرێت . ( العیمانی ، ٢٠٠٩ ، ل ٣٣ )

٣- ٢- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە Population of the Research

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە سەرجەم خوێندکارانی بەشە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی گەرمیان دەگرێتەوە کە بەسیستەمی ئەلیکترۆنی خوێندویانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١ ) بە هەر دوو ڕەگەزی ( کوڕ و کچ ) و بە هەموو قۆناغەکانی خوێندن ، لەبەر ئەوە توێژەر داتایەکی وورد و تایبەتی لە بارەی ژمارەی خوێندکاران دەسکەوت ، ئەویش لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بە تۆماری کۆلێژەکانی زانکۆ داتا و زانیاری ورد لە بارەیان دەستکەوتووە کۆی ژمارەی خوێندکاران کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ( ٣.٤٩٢ ) خوێندکاری کۆلێژەکانی ( پەروەردە ، پەروەردەی بنەڕەت ،، بەشی یاسا ، زانستە مرۆڤایەتیەکان / خانەقین ) زانکۆی گەرمیان هەڵبژێردران ، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ١ ) ، سەرجەمیشیان بوونە نمونەی توێژینەوەکە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەیش توێژەر بە بێ جیاوازی لە گۆڕاوەکانی ( ڕەگەزی نێر و مێ و تەمەن ) دابەشیکردن ، هەروەك لە م خشتەی خوارەوە نیشاندراوە.

خشتەی ( ١ )

خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لە بەشە مرۆڤایەتیەکان .

| خوێندکاران | کوڕان | کچان | کۆ |
|---|---|---|---|
| کۆلێژی پەروەردە | ٤٢٢ | ١٠٨٥ | ١٥٠٧ |
| کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ٣٤٦ | ٧٣٩ | ١٠٨٥ |
| کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان / خانەقین | ٢١٣ | ٥٠٧ | ٧٢٠ |
| بەشی یاسا | ٨٠ | ١٠٠ | ١٨٠ |
| کۆی گشتی | ١,٠٦١ | ٢٣٨٤ | ٣٤٩٢ |

-٣- نمونەی توێژینەوەکە Sample of the Reasearch

جۆری هەڵبژاردنی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی ( هەڕەمەکی )یە هەڵبژێردراوە ، بۆ ئەو خوێندکارانەی کە بە شێوازی خوێندنی ئاوێتە خوێندویان لە کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەتی و بەشی یاسا و زانستە مرۆڤایەتیەکانی / خانەقین زانکۆی گەرمیان ، ژمارەی خوێندکاران بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

کۆی خوێندکارانی بەشەکانی کۆلێژی پەروەردە ژمارەیان ( ١.٥٠٧ ) ، وە ( ٤٢٢ ) کوڕ ، وە ( ١.٨٥ ) کچ .

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت کۆی گشتی ( ١.٠٨٥ ) ، ( ٣٤٦ ) کوڕ ، وە ( ٧٣٩ ) کچ .

خوێندکارانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کۆی گشتی ( ٧٢٠ ) ، ( ٢١٣ ) کوڕ ، (٥٠٧ ) کچ .

بەشی یاسا کۆی گشتی ( ١٨٠ ) ، ( ٨٠ ) کوڕ ، وە ( ١٠٠ ) کچ .

بەڵام ئێمە چونکە ڕێژەی گۆمەڵگەی توێژینەوەمان زۆرە بۆیە دوای ڕوێژکردن لەگەڵ سەرپەرشتیای توێژینەوەکە و هەندێ پسپۆڕی تر وایان بە باش زانییوە کە ڕێژەی ( ١٥./. ) وەربگرین ، کە دەکاتە ( ٥٢٣ ./. ) شایەنی باسە بە بە شێوەیەك فۆرمەکان دابەشکردووە ، لە کاتی دابەشکردنی ڕێژەی خوێندکاران بە هەند وەرگیراوە ، وە هەر کۆلێژێك تایبەتمەندی خۆی پێدراوە ، هەر کۆلێژییەك بە گوێرەی ژمارەی زۆری خوێندکاران دابەشکراوە ، چ لە سەر ئاستی کۆلێژ یان قۆناغ ، هەموو داتاکان لە تۆماری کۆلێژەکان وەرگیراوە بۆ ئەوەی زۆرترین کەس وەربگرین نزیکەی ( ٥١٠ ) فۆرم دابەشکردووە ، وە ( ٥٠٠ ) فۆرم گەڕاوەتەوە . بە م شێوە فۆرمەکانم دابەشکردووە بەم شیوەی خوارەوە

.

خشتەی ژمارە ( ٢ )

ژمارەی خوێندکاران لە بەشەکانی ( نموونەی توێژینەوە )

| ژمارە | ناوی کۆلێژ | کۆی قوتابیان | قەبارەنموونەی توێژینەوە |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | کۆلێژی پەروەردە | ١.٥٠٧ | ٢٢٠ |
| ٢ | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ١.٨٥ | ١٣٠ |
| ٣ | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان | ٧٢٠ | ١٠٠ |
| ٤ | بەشی یاسا | ١٨٠ | ٥٠ |

بە پێی ئەم خشتە کۆلێژی پەروەردە کۆی ژمارەی خوێندکارانی ( ١.٥٠٧ ) لەبەرئەوەی ژمارەی لە هەموویان زیاترە بۆیە ڕێژەی زیاتر وەرئەگرین کە ( ٢٢٠ ) و دواتر کۆلێژی بنەڕەت ، و زانستە مرۆڤایەتیەکان ، و بەشی یاسا ، کە بەم شێوەیە فۆرمەکان دابەشکراوە .

٣-٤-ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە :

هەڵبژاردنی ئامراز یەکێکە لە مەرجە زانستیەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەبێت لەگەڵ سروشتی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بگونجێت ، بۆیە ئامرازەکان جۆراوجۆرن ، و لە توێژینەوە زانستیەکاندا بە کاردێت ، کە ( تێبینیکردن ، چاوپێکەوتن ، تاقیکردنەوە ) دەگرێتەوە . ( جودە ، ٢٠٠٨ ، ل ١٩ ) .

بەو پێیەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ( هەڵسەنگاندنی کارامەییە پێویستەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان لە دیدی خوێندکارانیانەوە ) ، بۆیە پێویستە ئامرازێکی گونجاو هەڵبژیردرێت بۆ پێوانەکردنی ئەو کارامەییە لە لایەن تێبینەرەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ، پشت بەست بە هەندێك لە توێژینەوەکان لە کاتی گەڕان و خوێندنەوەدا وەك : توێژینەوەکانی ( عیسان و العانی ، ٢٠٠٧ ، ل ١٢ ) ، ، ( احمد بدح ، ٢٠٠٨ ، ل ٢٨٤ ) ، ( الدایل ، ٢٠٠٩ ، ل ٢٤ ) ، (حسامو ، ٢٠١١ ، ل ٢٧٤ ) ، ( حنتولی ، ٢٠١٦ ، ل ١٣٨ ) ، ( أبوشخیدم و أخرون ، ٢٠٢٠ ، ل ٣٦٦ ) ، ( هیرۆمی ، ١٩٩٨ ، ل ٥٣٤ ) ، ( أورورا و أخرون ، ٢٠١٤ ، ل ١٣٧ ) ، ( وانغ و یانغ ، ٢٠١٤ ، ل ٢٠٠٧ )، کە هەموویان فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە ، بۆیە توێژەر بە هەمان شێوەی توێژینەوەکانی پێشوو فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ،هەروەها توێژەر سەرەڕای سوود وەرگرتن لە ئامرازە ئامادەکراوەکانی توێژینەوەکانی پێشتر و سەرچاوە زانستیەکان ، تایبەت بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی ، بۆ زیاتر گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانی توێژینەوەکەی ، هەستاوە بە ئەنجامدانی فۆرمی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی ( استگلاعی ) بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی کۆتایی ، جونکە هەلێکی باشتر دەرەخسێنێت بۆ زانینی باشترین ڕێگە و شێواز لە دواندنی بەشداربووانی توێژینەوەکە و ناسینی تایبەتمەندی و سروشتیان ، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمێکی سەرەتایی پێشکەش بە ژمارەیەك خوێندکارانی بەشە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی گەرمیانی کرد کە بە سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی دەیان خوێند ، هەروەها داواشیان لێ کرابوو سەرنج و تێبینیەکانیان لەسەر خوێندنی ئەلیکترۆنی بخەنە ڕوو ، لە بەرواری ( ٥ /٣/ ٢٠٢١ ) بۆ ماوەی یەك هەفتە تاکو ( ١٠ /٣ / ٢٠٢١ ) لە پاش ئەوەی کاتی تەواو درا بە خوێندکاران بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆیان لە سەر خوێندنی ئەلیکترۆنی ، دواتر سەرجەم فۆرمەکان کۆکرانەوە ، ئەو فۆرمانەی بەتاڵن لابران و و ڕاوبۆچوونیان وەرگیرا ، سەرباری ئەو زانیاریانەی توێژەر لە ڕێگەی ڕاوەرگرتنەوە بە دەستی هێنا ، هاوکات سوودیشی لە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشتری ئەم بوارە وەرگرتن .

دواتر فۆرمی دابەش کرد بەسەر ژمارەیەك پسپۆڕی بواری ( ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونزانی ) بۆ ڕاستی و دروستی و زیادکردن یان کەمکردنەوەی بڕگەکان ، هەروەها دەربڕینی ڕاوبۆچونی خۆیان و تێبینی لەسەر فۆرمەکان دواتر ژمارەیەك لادراو و زیادکرا و ڕێکخرا ، وە ژمارەیان ( ٤٥ ) بڕگە لە شێوەی کۆتایی ، ئەنجامی ئەم کارانەش بوونە هۆی دارشتنی فۆرمی ڕاپرسی ، کە پێکهاتبوو لە ( ٤٥ ) پرسیار ، دواتر دابەشی کرد بەسەر خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بە دوو قۆناغ ، لەبەرواری ( ٢٠٢١/٤/١٨ ) دابەشکرا بە سەر خوێندکارانی قۆناغی سێیەم و چوارەم ، دواتر لە ( ٢٠٢١/٥/٢٥ ) دابەشکرا بە سەر خوێندکارانی یەکەم و دووەم ، بۆیە بەم شێوەیە دابەشکرا چونکە خوێندنی خوێندکارانی سێیەم و چوارەم خوێندنی ئاسایە ، بەڵام خوێندکارانی یەکەم و دووەم خوێندنی سیستەمی ( بۆڵۆنیا پرۆسیسە )

، بەمەستی دڵنیابوون لە زانستبوونی ئامرازەکە و گونجاوی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و زانیارییەکان ، ڕاستی و جێگیری بۆ دەرکرا .

٣- ٥ شێوازە ئامارییەکان Statistical Methods

لێکۆڵەر پرۆگرامی بەرنامەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتیەکان (spss ) ی بەکارهێنا بۆ ڕێگای ئاماریی زانیارییەکانی توێژینەوەکە و هێزی تایبەتی بڕگەکانی پێوەر و شیکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە دەرئەنجامەکان ( هاوکۆلکەی پیرسۆن ، تێستی تائی بۆ دوو نموونە ( t.test ) ، ناوەندی ژمێری ، لادانی پێوەری ) ، ئەو ئامرازانەی لە توێژینەوەکە بەکارهێنراون :

١- هاوکۆلکەی پیرسۆن Person

بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی ئامرازی

ر =

ر= هاوکۆلکەی پیرسۆن .

ن = ژمارەی کەسەکان .

س = ئەنجامی نمرەی تێبینەری یەکەم .

ص = ئەنجامی نمرەی تێبینەری دووەم .

کۆ = سەرجەم .

( ملحم ، ٢٠٠٧ ، ل ١١٩ )

٢- ناوەندی شیاو Mean . بۆ شیکردنەوەی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا ، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان ، کە ئەم یاسایە بەکارهاتووە

ناوەندی شیاو = ( ت١ ×١ ) + ( ت٢ × ٢ ) + ( ت٣ ×٣ ) + ( ت ٤ ×٤ ) + ( ت ٥ ×٥ )

مج ت

( صبری ، ٢٠٠٦ ، ل ١٠٦ )

ت١ = دووبارەبووەی ئەو وەڵامانەی بۆ پێوەری یەکەم لە ئاستی ( نەخێر ) ، بۆ پێوەری دووەم ( لاواز ) دانراون .

ت٢ = دووبارەبووەی ئەو وەڵامانەی بۆ پێوەری یەکەم لە ئاستی ( پلەیەکی کەم ) ، بۆ پێوەری دووەم ( پەسەند ) دانراون .

ت٣ = دووبارەبووەی ئەو وەڵامانەی بۆ پێوەری یەکەم لە ئاستی ( پلەیەکی ناوەند ) دانراون .

ت ٤ = دووبارەبووەی ئەو وەڵامانەی بۆ پێوەری یەکەم لە ئاستی ( پلەیەکی باش ) ، بۆ پێوەری دووەم ( ناوەند ) دانراون .

ت٥ = دووبارەبووەی ئەو وەڵامانەی بۆ پێوەری یەکەم لە ئاستی ( پلەیەکی زۆرباش ) ، بۆ پێوەری دووەم ( زۆر ) دانراون .

مج ت = سەرجەم دووبارەکان .

بەشی چوارەم

خستنەڕوو ی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان Result Presentatio & Discuss

٤ – ١خستنەڕووی ئەنجامەکان :

بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی ئەنجامدانی و ئاستی کارامەیی مامۆستایان لە وتنەوەی بابەت بە شێوازی ئەلیکترۆنی ، توێژەر پێوەرەکەی لەسەر نموونەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئەنجام دا کە ژمارەیان ( ٥٠٠ ) خوێندکاری زانکۆی گەرمیان کە بە شێوازی خوێندنی ئەلیکترۆنی خوێندویانە ، هاوکێشەی ناوەندی شیاو ( الوسگ المرجح )و ڕێژەی سەدی و لادانی پێوەری دیاریکرا بۆ هەر تەوەر و کارامەییەکی سەرەکی و لاوەکی تایبەت بە کارامەییەکانی وتنەوەی ئەم بابەتە ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە دەست نیشانکردنی نمرەی ڕادەی ئەنجامدانی هەر یەکێك لەو کارامەییانە بکرێت کە لە فۆرمی تێبینیکردن هاتووە ، بە پێدانی نمرەی ( ١,٢,٣,٤,٥ ) بۆ پێوەرەکانی وەڵامدانەوە کە ئەنجامدراوە بە ( پلەی زۆر باش ، پلەی باش ، پلەی ناوەند ، پلەی پەسەند ، پلەی ( لاواز ) بە پێی ڕیز بەندیان ، پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچونی شارەزایان لەسەر دیاریکردنی ئاستەکان و پلەی ئەنجامدانیان ،بەم شێوەیەی لەخشتەی ( ٧ ) دا خراوەتەڕوو .

خشتەی ژمارە( ٧ )

ئاستەکانی ئەنجامدانی هەر کارامەییەك بە پشت بەستن بە ناوەندی شیاوی هەر کارامەییەك.

| پێوەر | ئاستی ئەنجامدان |
|---|---|
| ٥ ---- ٤ | زۆر باشە |
| ٤ ---- ٣ | باشە |
| ٣----- ٢ | ناوەندە |
| ٢---- ١ | پەسەندە |
| ١----- ٠ | لاواز |

-

٢ هەڵسەنگاندنی ئاستی کارامەیی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایان لە دیدی خوێندکارانیانەوە لە زانکۆی گەرمیان .

بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ، تێکڕای ناوەندی شیاو ، ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری هەژمار کرا بۆ تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان ( ٥٠٠ ) خوێندکارە ، ، بەم شێوەیە کە لە خشتەی ( ٨ ) خراوەتە ڕوو .

خشتەی ژمارە ( ٨ )

ناوەندی شیاو و ڕێژەی سەدی و لادانی پێوەری بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی هەڵسەنگاندنی کارامەیی خوێندنی ئەلیکترۆنی مامۆستایان لە دیدی خوێندکارنیانەوە.

ژمارەی بڕگە

بڕگەکان دووبارەکان

ناوەندی شیاو

لادانی پێوەری

لاواز
پەسەند
ناوەند
باش
زۆرباش

ڕێژەی سەدی ./.

١ ١
خوێندنی ئەلیکترۆنی پەیوەندی لە نێوان خوێندکار و مامۆستا بە هێز دەکات .
٥٢
١٠٣
١٢٧
١٢٧
٩١
٣,٢٠
١,٢٥١

./.١٠.٤
./.٢٠.٦
./.٢٥.٤
./.٢٥.٤
./.١٨.٢

٢ ١٧
خوێندنی ئەلیکترۆنی یارمەتی دەرە بۆ گەشەپێدان بە کارامەییە فیکریەکان.
٨٣
١٠١
١١٣
١٠٤
٩٩
٣.٠٧
١,٣٦٦

./.١٦,٦

./.٢٠,٢
./.٢٢,٦
./.٢٠,٨
./.١٩,٨

٣ ٣١
پێشنیاری خوێندنی ئەلیکترۆنی دەکەی وەك جۆرێکی پەروەردە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا . ٨٣
١١١
١٠٤
١٠٢
١٠٠
٣.٠٥
١,٣٧٥

./.١٦,٦
./.٢٢,٢
./.٢٠,٨
./.٢٠,٤
./.٢٠,٠

٤ ٣٢
زۆرجار مامۆستاکان بەدواداچوون بۆ چالاکییەکانی خوێندکاران دەکەن لە بابەتەکاندا. ٨٦
١٠٦
١١٠
٩٨
٩٩
٣,٠٤
١,٣٧٦

./.١٧,٢
./.٢١,٢
./.٢٢,٠
./.١٩,٦
./.١٩,٨

٥
٦
زۆر لە ماموستاکان زانیاریان دەربارەی ئامرازەکانی
تەکنەلۆجیا لاوازە .
٨٧
١٠١
١١٦
١٠٤
٩٢
٣,٠٣
١,٣٥٨
./.١٧,٤./
./.٢٠,٢
./.٢٣,٢
./.٢٠,٨
./.١٨,٤

٦
٩
ماموستاکان بەدواداچوون بۆ ئامادەنەبوونی خوێندکارەکان ناکەن لە کاتی خوێندنی ئەلیکترۆنیدا.
٨٥
٩٩
١٣٢
٩٧
٨٧
٣,٠٠
١,٣٣١
./.١٧,٠
./.١٩,٨
./.٢٦,٤
./.١٩,٤
./.١٧,٤

٧
١٨
ئەستەمە ماموستا بتوانێت هەڵسەنگاندنێکی زانستی گونجاو بۆ خوێندکارەکان بکات.
٨٢
١٠٦
١٢٩
٩٥

٨٨
٣,٠٠
١,٣٢٩
./.١٦,٤
./.٢١,٢
./.٢٥,٨
./.١٩,٠
./.١٧,٦

٨
٣٩
هەست دەکەم ماموستاکان ناتوانن خۆیان لەگەڵ خوێندنی ئەلیکترۆنی بگونجێنن .
٩٤
١٠٢
١١٠
١٠٤
٩٠
٢.٩٩
١,٣٧٤
./.١٨,٨
./.٢٠,٤
./.٢٢.٠
./.٢٠,٨
./.١٨,٠

٩
٢
خوێندنی ئەلیکترۆنی لەگەڵ بارودۆخی زانکۆکەمان گونجاوە.
٨١
١١٢
١١٦
١٢٠
٧١
٢,٩٨
١,٢٩٧
./.١٦,٢
./.٢٢,٤
./.٢٣,٢

٢٤,٠٪.

١٤,٢٪.

لە شیکردنەوەی ئەنجامەکان ، دەردەکەوێت ، سەرجەم برگەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ باش دەرکەوتوون ،وە بەرزترین ناوەندی شیاوی هەردوو ڕەگەزەکە برگەی ( ١ ) بە پێی فۆرمی تێبینیکردن کە بە پلەی ( ١ ) هاتووە لە ریزکردنەکە ، بەهای ناوەندی شیاوی ( ٣.٢٠ ) و لادانی پێوەری دەکاتە ( ١.٢٥١ ) بە پێی ئەم ئاستە بێت خوێندنی ئەلیکترۆنی پەیوەندی نێوان خوێندکارو مامۆستا بە هێز دەکات بەوەی ڕێگایەکی نوێیە بۆ زیاتر پەیوەندی کردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا .<هەروەها برگەی ( ١٧ ) کەلەڕیزبەندییەکە بەپلەی ( ٢ ) هاتووە ، ناوەندی شیاوەکەی ( ٣.٠٧ ) ، وە لادانی پێوەری ( ١.٣٦٦ ) ، خوێندنی ئەلیکترۆنی یارمەتی گەشەپێدانی کارامەییە فیکریەکان دەدات کە یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوەی کاتی زیاتریان پێ دەدات بە پێی ئەم ئاستە لە پلەی ( باش ) یە ، سەبارەت بە برگەی ( ٣١ ) ناوەندی شیاوەکەی ( ٣.٠٥ ) ، لادانی پێوەری ( ١.٣٧٥ ) ، کەلە ڕیزبەندییەکە بە پلەی ( ٣ ) هاتووە ، بەم پێیە بێت خوێندنی ئەلیکترۆنی پێشنیار دەکەن لە داهاتوودا وەك جۆرێك لە خوێندن بۆ زیاتر سوود وەرگرتن و فێربوونی زانیاری لە سەر ئەنتەرنێت ، بەڵام سەبارەت بە برگەی ( ٣٢ ) مامۆستایان بە دواداچوون بۆ چالاکیەکانی خوێندکاران دەکەن لە بابەتەکاندا ئەمەیش لە ئاستی ( باش ) دایە، ناوەندی شیاوی( ٣.٠٤ ) وە لادانی پێوەری ( ١.٣٧٦ )، بە پێی ڕیزبەندییەکەی لە پلەی ( ٤ ) دایە وە لەئاستێکی باشدایە .

## ئەنجام:

ئەو دەرئەنجامانەی لە میانەی توێژینەوەکە دەرکەوت ئەمانەن :

١- بە شێوەیەکی گشتی نواندنی کارامەییەکانی مامۆستایان لە خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی ناوەندایە ، ئەمەش بە بەراوردکردنی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم بوارەکان لەگەڵ پێوەری دیاریکراوی توێژینەوەکەدا ، چونکە لە کۆی ( ٤٥ ) برگە لە سەرجەمی گۆڕاوەکانیشدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ڕووی بەهێزی و لاوازییەوە دەرناکەوێت ، لەو ڕووە هاوشێوەی یەکن لە هۆکاری ناوەند.

٢- کارمەیی خوێندنی ئەلیکترۆنی و پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار لە ئاستی ( باش ) دایە .

٣- پێشنیاری خوێندنی ئەلیکترۆنی لە داهاتوودا بە گوێرەی ڕاپرسیەکە لە ئاستێکی باشدایە .

٤- خوێندنی ئەلیکترۆنی یارمەتی دەرە بۆ گەشەپێدان بە کارامەییە فکرییەکان لە ئاستی (باش ) دایە .

٥- کارامەیی مامۆستایان لە خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ کارامەیی سەرەکی (هەڵسەنگاندن) لە بواری ( وانەوتنەوەدا ) لە ئاستی ناوەند .

## سەرچاوەکان:


سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :

١- ئەلزغول ، عیماد عبدالرحمن ( ٢٠١٥ ) : بنەما سەرەکیەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، وەرگێڕانی . ئارام ئەمین شوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، چاپی یەکەم ، هەولێر .

٣- ئەلقتامی ، عەدەس و أخرون ( ٢٠١٣ ) : سایکۆلۆژیای پەروەردەیی تێور و پیادەکردنی سەرەکی ، وەرگێڕانی . سەڵاح سەعدی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر

٣- حەمەدمین ، ڕەمەزان ( ٢٠١٤ ) : ڕێگا و شێوازە تێوەری و پراکتیکییەکانی وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

٤- رسول ، رسول ابراهیم ( ٢٠١٤ ) : دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.

٥- رسول ، رسول ابراهیم ( ٢٠١٧ ) : پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر .

٦- عزیز ، کەریم احمد ( ٢٠٢١ ) : ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین، هەولێر .

٧- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف( ٢٠٠٨ ) : سایکۆلۆژیایی پەروەردەیی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی .

٨- قادر ، عومەر عبدالکەریم ( ٢٠١٣ ) : پەروەردە و فێرکردن ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی .

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

٩- أبوح ، حگب صادق ( ١٩٨٠ ) : علم النفس التربوی ، الگبعه الپانی ، مکتبه الانجلو المصریه .

١٠- أبو شریخ ، شاهر ( ٢٠٠٨ ) : استراتیجیان التدریس ، الگبعه الاولی ، المعتز للنشر و التوزیع ، الاردن ، عمان

١١- بدح ، احمد ( ٢٠٠٨ ) : درجه امتلاك أعچاو هیئه التدریس فی الاقسام التربویه للمهارات الاساسیه لاستخدام تقنیات التعلم الالکترۆنی فی جامعه البلقاو التگبیقیه ، رساله ماجستیر ،جامعه الازهر ، کلیه التربیه ، مصر.

١٢- الحموز ، محمد عواد ( ٢٠٠٤ ) : تصمیم التدریس ، الگبعه الاولی ، دار وائل للنشر ، عمان .

١٣- الحریری ، رافده ( ٢٠١١ ) : الجوده الشامله فی المناهج و گرق التدریس ، الگبعه الاولی ، دار المیسره للنشر و التوزیع و الگباعه ، عمان .

١٤- زیتون ، عایش ( ٢٠٠٤ ) : اسالیب تدریس العلوم ، گبعه الاولی – الاصدار الرابع ، دار الشروق للنشر و التوزیع ، عمان

١٥- سلامه ، عبدالحافظ محمد جابر ( ٢٠٠٦ ) : مدخل الی تصمیم التدریس ، الگبعه الاولی ، دار البدایه ، عمان

١٦- سماره ، عزیز و أخرون ( ٢٠٠٠ ) : مبادئ القیاس و التقویم فی التربیه ، گبعه الپانی ، دار الفکر للنشر والتوزیع ، عمان .

١٧-- الساعدی ، عمار گعمه جاسم ( ٢٠١٣ ) : متگلبات استخدام التعلیم الالکترۆنی فی کلیات جامعه میسان من وجهه نفر أعچاو الهیئه التدریسیه ، المؤتمر الاقلیمی الپانی للتعلم الالکترونی ، جامعه میسان ، کلیه التربیه ، الکویت .

١٨- شگا ، سمیره عباس حمزه ( ٢٠١١ ) : بصمه انجاز للموهبه و رعایتها ، گبعه الاول ، دار نشر سیبویه للکتب العربیه الالکترۆنیه ، سعودیه .

١٩- عابد ، عگايا يوسف عگايا ( ٢٠٠٧ ) : فاعليه برنامج مقرح لتنميه مهاره البرمجه لدى معلمى التكنولۆجيا ، رساله ماجستير ، الجامعه الاسلاميه ، غزه ، قسم المناهج و تكنۆلۆجيا التعليم .

٢٠-- عبود ، عبدالغنى عبود ( ١٩٩٢ ) : التربيه و المشكلات المجتمع ، دار الفكر العربى ، القاهره ، گبعه اليانى

٢١- عقل ، مجدى سعيد ( ٢٠٠٧ ) : فاعليه برنامج webct في تنميه مهارات تصميم الأشكال المرئيه المحوسبه لدى گالبات كليه تكنولوجيا المعلومات بالجامعه الاسلاميه ، رساله ماجستير ، جامعه اسلاميه ، كليه التربيه ، غزه .

٢٢- عمر، احمد مختار ( ٢٠٠٨ ) : معجم اللغه العربيه المعاصره ، گبعه الاولى ، عالم الكتب ، القاهره .

٢٣- العباديه ، نژير سيحان و أيوب عاليه ( ٢٠٠٧ ) : تصميم التدريس ، گبعه الاولى ، دارپافا العمليه للنشر و التوزيع ، لاردن – عمان .

٢٤- عيسان و العانى ، صالحه عبدالله و وجيهه پابت ( ٢٠٠٧ ) : واقع التعلم الالكترۆنى من وجهه نظر گلبه كليه التربيه بجامعه السلگان قابوس ، المجلد ٣٤ ، العدد ٢ ، جامعه الاردنيه ، الاردن .

٢٥- العنانى ، حنان عبدالحميد ( ٢٠١٤ ) : علم النفس التربوى ، الگبعه ، دار صفاو للگباعه و النشر و التوزيع ، عمان . ٢٥- الفتلاوى ، سهيله محسن ( ٢٠١٥ ) : المدخل الى التدريس ، گبعه الاولى ، دار الشروق للنشر و التوزيع. عمان .

٢٦- اللقانى ، أحمد و على الجمل ( ٢٠٠٣ ) : معجم المصگلحات التربويه فى المناهج و گرق التدريس ، القاهره .

٢٧- صبرى ، عزام عبدالرحمن ( ٢٠٠٦ ) : الاحصاو الوصفى و نقام Spss ، جدارا للكتاب العالمى ، عمان.

٢٨- لبيب ، رشدى ( ١٩٨٦ ) : الاسس العامه للتدريس ، الگبعه الاولى ، دار النهچه العربيه للگباعه و النشر ، بيروت .

٢٩- مرعى ، احمد و محمد محمود الحيله ( ٢٠٠٢ ) : گرائق التدريس العامه ، گبعه الاولى ، دار الميسره للنشر و التوزيع و الگباعه ، عمان .

٣٠- ملحم ، سامى محمد ( ٢٠٠٧ ) : مناهج البحپ فى التربيه و علم النفس ، گبعه ٧ ، دار الميسره للنشر و التوزيع ، عمان.

٣١- المهناو ، عبدالله و عبدالله عيسى الحداد ( ٢٠١١ ) : استراتيجيات و أساليب ماده التربيه الفنيه ، گبعه الاولى ، مكتبه الفلاح للنشر و التوزيع ، الكويت .

٣٢- يوسف ، سليمان عبدالواحد ( ٢٠١١ ) : ژوى صعوبات التعلم الاجتماعيه و الانفعاليه ، الگبعه الاولى ، دار الميسره للنشر و التوزيع ، عمان .

سێیەم : سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

٣٣- orora, William , keraro , fred & wachznga samad (2014 ) , using cooperative E-Learning to Enhance students creativity in secondary school Biology :Astudy of selected in Nakura country , Kenya . international journal of Education and practic

٣٤- Hirumi , Astusi (1998 ) , Anlasis of essential skills and knowledge for teaching online , jia – Ling Lee , university of central florida

سايتە ئەلیکترۆنیەکان :

٣٥- تعريف والمعنى الگالب / https ://wiki.kolok.com

٣٦ - گالب / https :// ar . Wikipedia .org .

٣٧- ماڵپەڕی زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٩ ، https:// garmian . edu. Krd /

**الملخص:**

تقييم المهارات الضرورية للتعليم الالكتروني لدى الساتذة العلوم الانسانية من وجهة نظر الطلاب جامعة كرميان

الهدف من البحث: معرفة تقييم المهارات الضرورية في التعليم الالكتروني لدى تدريسيي الاقسام الانسانية في جامعة كرميان من رؤى طلبتها، من دون التميز بين الجنسين ، المنهج في البحث: اعتمد البحث المنهج الوصفي في اجراء البحث.

مجتمع البحث: طلبة كلية التربية – كلية التربية الاساس – كلية العلوم الانسانية/ خانقين ، قسم القانون ) جامعة كرميان للسنة الدراسية ٢٠٢٠-٢٠٢١، عدد ( ٣٤٩٢ ) طلاب ،كة عدد عينة العشوائية تطبق مستوى احصائى ( ٠،١٥ ./. ) ، على الرغم من استفادة الباحثة من الوسائل المعدة في ابحاث سابقة ومصادر تربوية خاصة بالتقييم التربوي، قامت الباحثة باعداد استبيان اولي للحصول على المعلومات الكافية حول بناء الاستبيان ومن ثم توزيعها على الطلبة، لاستخراج الثبات استخدمت الباحثة مجموعتين مختلفتين في المستوى لتحليل احصاء الفقرات، حيث قامت باجراء اختبار اولي على العينة التي كانت تتالف من ( ١٥ ) طالبا في حدود مجتمع البحث، وبعد ( ١٥ ) يوما وبالطريقة نفسها وزعت الاستمارة مرة اخرى، ثم احتسبت القوة التميزية لكل فقرة من الفقرات بتحديد معدل مجموع كل استمارة، ومن ثم ترتيب الفقرات بصورة تنازلية للاعداد، استخدمت الباحثة الاختبار التائي (t-test ) لعينتين مستقلتين في الاختبار الدلالي المختلف بين متوسط درجات المجموعتين لكل فقرة من الفقرات، وبعدها نتيجة الفقرات الدالة في مستوى احصائي ( ٠،٠٥ ) لكل الفقرات. ومن خلال معامل ( ارتباط بيرسون ، الوسط المرجح ، انحراف المعيارى ، الوزن المئوى ) وثبات الاستمارة اتضح انها تصل الى ( ٠،٩٩ )، النتيجة المحصلة من هذا العمل ادت الى الصيغة النهائية لاستمارة الاستبيان، في صيغتها الاولى كانت تتالف من ( ٤٥ ) فقرة .

Assessment of the Required Professional Competencies of Electronic Learning Instructors of the Humanities of Garmian University from the Perspective of Their Students

Abstract:

The aim of the research is to assess the required competencies of electronic learning instructors at Garmian University, through the perspective of their students, without differentiating between male and female

The researcher has used descriptive method for conducting this research. The research community had been composed of the students of the Colleges of Education, Basic Education, and the Humanities / Xanqin

, part Law , of Garmian University for the academic year of 2020-2021 ,the average ( 3492 ) , the Stratifecal Random Sample is average ( % 0.15 ) .

Despite benefiting from the previous tools used in previous researches and the educational sources of educational assessment, the researcher has collected opinions for attaining the needed information about observation forms. For this purpose, she has provided students with questionnaire forms For achieving the average, the researcher has used two different groups of different levels for the analysis of its statistic. Through this way, she had conducted the first test with (15) students from the research community. After 15 days, the form was distributed in the same way. Later, the differentiation of the sections of the form were identified through indication of the total marks of each one of the forms. Then, the marks of the sections were ordered from the highest to the lowest. The researcher used t-test method for two independent examples for examining the difference between the averages of the marks of the two groups for each one of the sections. The statistic result of the forms were (0.05 ) for all the sections. Later, through ( Pearson coefficient ,mean Std. Deviation , Weight Centennical ) the average of the form was achieved which was (0.99), The result of this act led to the formation of the final version of the questionnaire. It its first version, it was composed of 45 sections .